

# تووتنەوان

ئەحمەد قادر سەعید
(سلێمانی)

**بۆ گیانی هەرگیز نەمری مامۆستا هێمن موکریانی پێشکێشە.**

کاتێک لەسەر قەراغی دێراوی تووتنەکە دانیشتبووی و کلێتەیەکی کۆنی لە چڵکدا نغرۆت لەسەر کردبوو، چاکەتێکی بە بەرتا گەورەت لەبەر بوو و لە دیمەندا زۆر دزێو دیار بووی، سەر و ڕیشت تەواوێک هاتبوو، لە ڕواژەتا دیار بوو بەچاوی حەسرەتەوە لەو خاک و ئاو و خاکەنازەت دەڕوانی کە ڕەنگە هەر تاوێک بووبێ لە سەر شانت داتگرتبێ و ویستبێتت پشوویەک بدەی. جاران دەیانگوت پشووی سەردێراوان بۆ جووتیاران لە زۆر جێی دی خۆشترە، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە جووتیاران یەک دوو دوگمان دەترازێنن و سینگ و بەرۆکیان بۆ هەوای فێنکی ئەو مەزرایە دەکەنەوە. لەو کاتەدا مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چ خۆشییەک لەدەروونیان دەگەڕێ و بیریان بۆ چەندان خواستی لە هەستدا هەڵنراو دەچێ، ڕەنگە کاکی جووتیار پێی وابێ ئێستا ئەو ڕۆژەیە حاسڵات و بەرهەمی ڕەنجی شانانی پێگەیشتوون و بەرهەمی ساڵانەی بردۆتە ناو بازاڕی شار و بەرهەمەکەی ساغ کردۆتەوە و هەمووی فرۆشتووە و بە هەمان دراوی بەری ڕەنجی شانانی ماڵ و منداڵی پێ پۆشتە کردۆتەوە و خۆشییەکی زۆریشی لەدڵ و دەروونی منداڵانیدا جێگیر کردووە و دایکی منداڵەکانیشی لەبیر نەکردووە و وەک گفتی پێدابوو، ئەویشی پۆشتەکردۆتەوە.زاد و زەخیرەیەکی باشیشی کڕیوە و گەڕاوەتەوە ماڵێ و بە ئاسوودەیی لێی دانیشتووە و ئیدی خەمی ئەوەی لە دڵدا نەماوە کە ئەو ساڵ چۆن دەگوزەرێ، خۆش دەبێ، یان تووش.

سیروان دەمێک بەدواتدا وێڵ بوو، دەیویست بزانێ لە کوێی، ئێستا چ کارەی و لەکام شاردا جێ و ڕێت بۆ ڕێک

خراوەو پێویستییەکانی ژیانت بۆدابین کراوە و قەڵەم و کاغەزت هێنراوەتە بەردەم و نەوەکانت پێیان گوتووی دەی شاعیرە جوان پەرستەکەی کورد، دەی بیرمەندە زاناکە، بیر و هزر و شیعری هاوتای شیعرەکانی ناودیوانی تاریک و ڕوون و وەرگێڕانی بەپێزی هاوتای توحفەی موزەفەرییە، لە تۆ و خزمەت و خۆشگوزەرانی، لە ئێمەش، ئێمەی نەوەکانی تۆ نەوەکانی پیاوە فەیلەسووف و بیرمەندەکانی کورد خزمەتکردن، بەدەنگەوە هاتن. تۆ شیعری جوان بڵێ، ئێمەش وتەکانت دەکەینە ویردی سەردەم و جوانییەکانت پەخش دەکەین. تۆ بۆ ئێمە سەر مایەی سەرمایەکی زۆر گەورەی، سیروان دەیویست بزانێ تۆی مەزن ڕۆژانی بەسەرچوونی جوانی تێکەڵ بە شۆخوشەنگییەکانی شیعری تەڕ و پاراو چۆن بەڕێ دەکەی؟ دەیویست بزانێ ئەو کەڵەپیاوەی کە جاران بە یەکێک لە مامۆستا و ڕێبەری خەبات و بەرخۆدان دەهاتە ئەژمار، لە چ ناز و نیعمەتێکدا ژیان دەگوزەرێنێ، ئاخۆ هەروەک جاران شاعیری گەلی. وەک یەکێک لە ڕێبەران ئەو ناوەی بەبالای تۆدا بڕیبوو، دەیویست بزانێ ئێستا چۆن ژیان بەڕێ دەکەیت. ئاخۆ هەر لە شیلان ئاوێی، ئەگەر لەوێی، چ کارێک دەکەی و دۆستایەتیت لەگەڵ قەڵەم و وشەدا هەر لە برەودایە، یان سستی بەسەردا هاتووە، ئەرێ هەروەک جاران دڵتەڕ و جوانی پەرستی، شیعر و جوانییەکانی وەک پۆشاک گیانتیان ڕازاندۆتەوە، سیروان لەگەڵ هەموو ئەو ڕازانەدا بەرەو ڕووت هات، یەکەم جار کە چاوی بەو دیمەنەی کەوت، تاساو حەپەسا! وای نەدەزانی خۆی لەبەردەم شاعیرێکدا وەستاوە کە هەموو ژیانی بۆ وشەی جوان و کوردی ڕەسەن تەرخان کردبوو، ئەو داما و لە بیران ڕاچوو، نەیدەزانی دوای هەواڵپرسین لە کوێوە دەست پێ بکات تا لە ئەنجامدا تینی دایە گیانی خۆی و کەمێک لە هەستی شێواوی دوور کەوتەوە و لێت نزیک بۆوە و بەو شێوەیە دەستتان بە قسان کرد:

– مامۆستا ئەوە چ دەبینم؟

– (بە زەردەخەنەوە) ئەمن دەبینی.

– بەو ئاستە گەیشتووی، ئەوەی من دەیبینم ڕاستە؟ وابزانم زۆرتر لە خەون دەچێ.

– بۆ ڕاست نییە! ئەدی ئەوە نییە دەمبینی چ سیپالێکم لە بەرەو چۆن بووم بە مەخسەرە.

– ئە و ژیانە هەڵبژاردەی خۆتە، یان خێر؟

– کەس هەیە پێی خۆشبێ دوا دەمەکانی ژیانی بەو شێوەیە تەواو کات؟ بەس بە هەر حاڵ بژاردەی خۆم بێ، یان نەبێ و پێی ڕازی بم، یان نەبم! ئەوە ڕاستییەکە لەبەر چاوانە؟

سیروان کەمێک داما، بیری لە جەستەی جیابۆوە، ڕۆیشت تا ئەو جێیەی ئەو چەند دێڕەی هێنایەوە خەیاڵی کە مام هێمن لە شیعرێکدا دەڵێ:

**بزانە تۆ ئەوی ئەهلی هونەر بێ**
**دەبێ یا دەست بەسەر، یا دەربەدەر بێ**
**هونەرمەند ژیانی خۆشی مەحاڵە**
**هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە**
**منیش بابردەڵەی بەر گێژەڵووکەم**
**دەمێک لەو قوڵکە، تاوێک لەو چڵۆکەم**
**منیش زۆرداری پرزەی لێ بڕیوم**
**منیش بەدکاری بواری لێ تەنیوم**

سیروان ئەو کاتە هاتەوە سەر خۆی، تاوێک بوو لە هۆشیدا، لە ڕاڤەکردنی ماناکانی ئەو چەند دێڕانە جەنجاڵی ڕەوی بۆوە. دەیزانی لەو وڵاتەی ئێمەدا ئەوە بەشی ئەو هونەرمەند و بیریارانەیە کە بڕیاریان داوە سەربەست بژین و نەبنە داردەستی کەس. ئەو بێ دەنگ بوو، ئەویش لە بێدەنگیدا نغرۆ. لە ڕواژەی هەردوولایان بێ دەنگی گەلێک مانای لە خۆیدا کۆدەکردەوە. ئەم دەیگوت بۆ کەسێک کە ڕۆژانێک بوو وەک مەشخەڵێک ڕێگای تاریکی ژیانی ڕوون دەکردەوە و هەزاران کەس شەیدا و هۆگری شیعرە ئاگرین و وشە تەڕ و پاراوەکانی بوون، نەدەبوو ئێستا وەک تووتنەوانێک لە سەر ڕۆخی دێراوێک دانیشێ و چاوەڕێ بکات تا ئاوی جۆگا کەنگێ دەگاتە دێراو و چێنراوەکانی بۆ پاراو دەکات.

ئەو لە بازنەی ئەم چەند وشانەدا گیری خوارد و بێ ئاگا دیقەتی دەدایە ئەو کەرسەکە گڵەی بەدەستییەوە بوو، تا دەهات زیاتر مشتی لێ توند دەکرد، تۆ وات دەزانی ئەو کەرسەکە هەموو گۆی زەوییە! ئەو دەیەوێ بەخێرایی لەناو مشتیدا لەتوپەتی کات، تۆ پێت وابوو لەناو ئەو جیهانەدا جێیەک بۆ ئەو نەماوەتەوە تێیدا بە ئاسوودەیی بژی. تا دەهات بیرت پەرت دەبوو، هۆشت لە جەستەت جیا دەبۆوە و دەکەوتییە ناو خەیاڵی قووڵی ئەو ئەندێشانەی بیرت کە ئەو ناوە مەزنەیان بە بەردا بڕی!

خەیاڵ هێنای و بردی تا ئەو جێیەی کات هاتەوە یەک، سیناریۆکانی ژیانیان خستەوە سەر تەختەی شانۆ و دەستیان بەگێڕانەوە و نمایشکردنی ڕووداوەکان کرد. سیروان لە دڵی خۆیدا بەخۆی دەڵێ تۆ تەنیا ڕۆڵی تەماشاکار دەبینی و لە هزری ئاڵۆزتدا ڕووداوەکان وەسەریەک دەنێی. لێرەوە بە چاکت زانی ئەو پەردەی بێ دەنگییە هەڵدەیەوە و لە زمانی ئەو خۆیەوە ڕووداوەکان ببیستی و خۆت ڕۆڵێک نمایش نەکەی. لەو سۆنگەیەوە ختووکەی کەرسەکە گڵەکەی دەستییت بە هەلزانی و بێ دەنگی ئەو ساتەت ڕەواندەوە:

– دەتەوێ هەروا بە ئاسانی شتەکان فەرامۆش کەی و تۆ بێ دەنگ و منیش قرِوقەپ بکەم و لێی پاڵ بدەمەوە و تۆش بەردێک نەخەیە سەر بەردێک لەو بارو دۆخەی ئێستا دەیانبینم، هەروا دەست بە تاڵ بچمە دەرێ.

– پێم وابێ بەردێکی لەسەر دانێین باشترە. هەڵدانەوەی لاپەڕەی نەهامەتییەکان هێندە زۆرن وا دەمودەست هەڵنادرێنەوە و ئەگەریش هەڵیاندەینەوە هێندەی دی بیرمان ئاڵۆزتر دەکەن.

– لێم مەبە بە مامۆستای فەلسەفە. ژیانی دژوار بەشی هەمووماندە، وەلێ ئی هەندێکمان لەگەڵ ئی هەندێکمان جیاوازی هەیە.

– بێ گومانم کەوایە تۆ ڕاست دەکەی.

بەبیستنی ئەو چەند قسانە، هەستم دەکرد ڕەنگی دەپەڕێ. وەک تارماییەک بەسەر ڕوخساریدا هاتبێ، ئەوە دەبینرا. پێم وابوو ڕێم بۆ چوونە ناو ئەندێشەیەک قووڵ کردۆتەوە. ئەو لەناو ئەو لەبیر ڕاچوونەدا مەلەی دەکرد کە مێژووی ڕووداوەکانی یەک بەدوای یەکدا دێنانە سەر تەختەی شانۆ، بە ڕیز قۆناغەکانی ژیانی ئەویان دەکردە ئەڵقە و تا ئەڵقە لە دوای ئەڵقە نمایشیان بکات و لەسەر شانۆی ژیان و یادەوەرییەکاندا خۆیان بنوێنن:

ئێستا بەیانی دوادەمەکانی شەوی جەژنی بەراتە، سەرەتای ساڵەکانی سەدەی بیستەمە. بیر فڕی ڕانەوەستا تا خۆی گەیاندە گوندی (لاچینێ)ی نزیک سابڵاغێ تەواو بۆ ئەو ماڵەی لەو شەوەدا تۆی هێنایە سەر دنیایە و تۆی تێدا لەدایک بووی و یەکەم گریانت بەگوێی سروشتدا هەڵدا. ئەو شەوە لە ماڵی ئێوە بوو بە جەژن. حەوت شەوان کرا بە شەوارە، مێوژ و گوێز و شەوچەرە دابەش کران گۆیندان کەباریان دەخوێندەوە تا لە حەوتەمیدا بە ناوی محەمەدئەمین بانگیان بەگوێتدادا، بووی بە کوڕی نێوەنجی ماڵێ. ئیدی وەک هەموو منداڵێکی ئەو ناوە وردە وردە گەورە بووی و یەکەم بیرەوەری کە بەربینگی پێ گرتی، ئەو قسەی دایکت بوو کە زۆر جاران دەیگوت: تۆ پێ و قەدەمت ڕەش بوو، هەر تۆم وەزگ کەوت، لەشی ساغم بە خۆوە نەدی. لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆم بووم کە ناچار بووین بڕۆین و بچینە لادێ، کە بەربوویەوە، من تلپاتی تەڕم شیر لە مەمکاندا نەبوو، هەر خۆشت جار جار بە گاڵتەوە بەدایکت دەگوت: جا دایە گیان سووچی من چییە؟ دایکم ڕاستی دەکرد ئەگەر ئەو ڕاستی نەگوتایە ئەو هەموو دەرد و نەهامەتییانە بەربینگیان پێ نەدەگرتم، ئەو هەموو هەوراز و نشێوانەم نەدەهاتنە سەر ڕێ و ژیانیان بەو جۆرە لێ نەدەشێواندم و هەر ڕۆژە و هەر مانگە و ساڵە نەدەکەوتمە شارێک و دەمێک لە وڵاتی کوردەواری و دەمێکیش بۆ گەرمە سێریان نەدەڕەتاندم. بەخۆت نەبوو، دوای ئەو یادەوەرییانەی بیرتیان هەژاند، داخزایە ناو بیرەوەرییەکانی دی، چ ئەوانەی تاڵ بووە، چ ئەوانەش لە شیرینیدا تامی هەنگوینیان دەدا. بۆ هەمووان ئاهێکت دەکردە پارسەنگ و لە سۆنگەیانەوە بیرەوەرییەکانی دیت بەڕیز یەک لە دوای یەک لێ دەبوونە نمایشکارێکی کارامە و ڕووداوەکانیان نمایش دەکرد. ئەوەتا ئێستا کوڕە لاوێکی ژیکەڵەی دەمێک لە قوتابخانەی دەوڵەتی دەخوێنی، دەمێکیش لە حوجرەکانی فەقێیان دەبوویە سوختە، دەمێک میرزابووی و دەمێک مامۆستا.

بە منداڵی سەرت وەسەر ڕانی دایە مرۆتی دایەنت دەکردو ئەویش زۆر چیرۆکی خۆش و بەتامی بۆ دەگێڕایەوە تا چاوت دەچۆ خەو. دایە مرۆتی تەمەن لە سەروو سەت ساڵ بوو ئەتۆی بێ ئەندازە خۆش دەویست، گوێت بۆ حیکایەتە خۆشەکانی و نەزیلە پڕ ماناکانی شل دەکرد و جارجارەش لەگەڵ پاڵەوانەکانی تێکەڵ دەبووی، خۆ کە تۆزێکیش هەراش بووی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتی دەستت بەخوێندن کرد و فێری خوێندن و خوێندەواری بووی، بابت دەیویست ببی بە مەلا جێگەی مەلا خاوەن تواناییەکانی ئەو دەڤەرە بگریەوە، بەڵام لەدەروونی تۆدا شتێکی دی خەملیبوو، خەمی خاک، خەمی نەتەوە و زۆر خەمی دی. لەو کات و ساتانەدا دۆستایەتی و خۆشە ویستیت لەگەڵ زۆرێک لە هاوڕێیان

و هاونشینان پەیدا کرد. بووی بەشاگردی زۆرێک لە مامۆستایانی زانا و بیریارانی ڕێبازی کوردایەتی و مرۆڤایەتی، خۆشی و ناخۆشیت زۆر دیتن. هاونشینی زۆرێک لە شاعیرانت کرد، سوودت لە ئەزموونەکانیان وەرگرت تا ئەوەی بۆ خۆت بووی بە یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی گۆڕەپانی نیشتمان و کوردەواری و سروودە ناوازەکانت بووبوون بە ویردی سەر زمانی هەموو کوردێکی بە ویژدان و ئاواتی سەرەکی ژیانت گەیشتن بوو بە ئاوات و دوا ترۆپکی سەرکەوتن و نەگلێی، کەچی بەداخەوە نەک هەر زۆر زوو گلای، بەڵکو هەموو دەستکەوتەکانت کەوتنە بەردەم ڕەشەبا، وەلێ لەگەڵ هەموو نەهامەتییەکاندا، تینت دەدایەوە بەر خۆت و هەڵدەستایەوە. ئەو دەمانەی ڕووناکایی خەفە دەبوو، تۆ هاوەڵانت هان دەدا بێ هیوا نەبن و هەستنەوە و خۆ ڕێک خەنەوە و هیممەت بدەنەوە بەر خۆیان و ژێردەستەیی قبووڵ نەکەن. ئەتۆ بۆ خۆت لە پێشەوەی هەمووراندا دەدییەوە. ئەویٚ ڕۆژێت چاک لەبیرە کە کۆمەڵەی (ژ. ک) دامەزرا و تۆ یەکێک بووی لە ئەندامە هەرە نزیکەکانی و خۆت بۆ زۆر کار و چالاکی گەورە ئامادەکرد و لە لاپەڕەی بڵاوکراوەی نیشتماندا یەکەم شیعری خۆت تێدا بڵاوکردەوە و پڕ بەدەم هاوارت دەکرد:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە**
**لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**

تا ئەو ئەندازەی یەک لە سەرکردە هەرە دیارەکان نازناوی شاعیری گەلیان بە باڵاتدا بڕیبوو. نازناوی شاعیری گەل بۆ تۆ جێی شانازی بوو. هەر بۆیێ لە ڕێڕەوی ژیاندا بە باشترین میدالت دەزانی. بۆ تۆ دەبوو وابێ، چونکە هەر لەو ڕۆژەی پێڕۆچکەبووی و خۆت ناسی، زانیت ئێمە نەوەی گەلێکی بەش خوراوین. حوکمڕانانی زاڵم بە هەر جۆر بۆیان کرابێ، گەلەکەمانیان بە سەختترین شێواز چەوساندۆتەوە. زیندانەکانیان بە کەسانی ئازادیخواز و تێکۆشەرانی بیری نەتەوەیی ئاخنیوە.

ئێستا ئەو کاتەیە کە دەتگوت: (ئەو ڕۆژەم قەت لەبیر ناچێتەوە کە بۆ یەکەم جار لە کۆبوونەوەیەکی میللیدا و لە بەرانبەر خەڵک شیعرم خوێندەوە. هەر ئەو کاتە شیعرەکەم بوو بەجێ سەرنجی دانیشتوان و هەندێک ئافەرین و هەندێکیش لە باری نازناوەکەم سەریان سوڕمابوو. ئەوە بۆ من سەرەتایەکی یەکجار گەورە بوو. شەرمم شکا لە ناو جەماوەر دەرکەوتم، تا وام لێ هات لە زۆر بۆنەی نیشتمانیدا داوای شیعر، یان نووسینیان لێ دەکردم. ئەو ڕۆژەش کە ئاڵای کوردستان لە شاری مهاباد بەرزکرایەوە، کۆماری کوردستان ڕاگەیاندن بۆ من و هەموو خەڵکی، ڕۆژێکی مێژوویی دڵخۆشی بوو. من لەو ڕۆژە پڕ شکۆیەی شیعرم تێدا خوێندەوە و ئافەرینێکی زۆر کرام، وەلێ زۆر بەداخەوە ئەو ئومێدی ڕزگاری و خۆشییە درێژەی نەکێشا و بە هۆی پلانی نێو دەوڵەتان و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییەکان و خیانەتی چەندان کەس لە خۆفرۆشان ئەو هیوایەی کوردان، ئەو کۆمارە هەر بە ساوایی زیندە بە چاڵ کرا و لەناو برا.

دوای نەمانی کۆماری کوردستان لە مهاباد، ڕۆژانی ڕەش و نائومێدی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا، خەڵکێکی زۆر داماو بوون، سوپای شەپڕێوی پەهلەوی کەوتنە گرتن و ئازاردانی کوردانی ئەو ناوچانەی دەستیان وێڕادەگەیشت، چی ئومێد هەبوون، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لەبەر چاوان ون بوون، ژیان لە هەموو خەڵکی تاڵ بوو. من لەو ڕۆژانەدا لە شار وەدەر کەوتبووم خۆم لە لادێدا پەنا دابوو، بەڵام زۆری نەبرد زەبروزەنگ لەو جێوڕێیەی خۆشم هەڵی قەندم، بە ناچاری، ملی ڕێی ئاوارەییم گرتەبەرو بەرەو ژیانی نادیاری، زێدی خۆم بەجێ هێشت، هەرچەندە تا ئەو کاتەش من هەر لەگەڵ نائومێدیدا ناکۆک بووم، پێم وابوو ڕۆژێک دادێ ئەو نائومێدییە دەڕەوێتەوەو خەڵکی ورەیان بەرز دەبێتەوەو جارێکی دی دۆخەکە لەبەرژەوەندی گەلەکەم دەگەڕێتەوە.

ئێستا ساڵانی دوای نەمان و لە ناوچوونی کۆمارە ساواکەی کوردستانە، گرانییە سەختەکەی ساڵی دوای نەمانی ئازادیم دێتەوە بیر کە لە بەهاردا خەڵکی دێهاتی ئازەربایجان لەحاڵێکدا کە وەک خەزەڵی پاییز لە برسان هەڵدەوەرین و پیاو ئاگری بۆ تێبەردەبوون، بە کوردستانێ وەربوون. گەلی کورد جارێکی دی پیاوەتی و نانبدەیی میوانداری خۆی نیشان دان. هەر دەستەیەک ڕووی لە هەر ئاوەدانییەک دەکرد، خەڵکی ئەو ئاوەدانییە بە پیریانەوە دەچوون و ژەمێکیان تێر دەکردن و بەڕێیان دەکردن، ئەوەش سەردەمی قاتوقڕی بوو کە لە ناواخنیدا

دەیان کارەساتی ناخۆش، خۆیان نمایش دەکرد، کە لە هەندێکیان بێ ڕێزی ئینسانەکان بەرانبەر بەیەکتر بە ئاشکرا دەکرا، دەبینرا و نرخی مرۆڤایەتی تەواو بەهای خۆی لە دەست دابوو، ئەگەرچی پیاوەتی و سەخاوەتی خەڵکە بە ئەمەکەکەی وڵاتی خۆمان جێی شانازی بوو.

لەوە دەچێت ئێستا سیروان هەر لەناو دنیای ئەندێشەکاندا وەک باڵندەیەکی کۆچەری بەئاسمانی یادەوەرییەکانتدا جارجار بەرز بفڕێ و جاری واش هەیە بکەوێتەوە ناو نەویان و دیمەنەکان لەنزماییاندا بێنێتەوە پێش چاوان. دیارە ئێستا و لەو کاتدا پێدەچێت هیچ بیری بە لای کەسێکدا نەچێ کە لە بەرانبەری دانیشتووە و جڵەوی بیرەوەرییەکانی بۆ شل کردووە. ئەو کاتە کە گوتی مامۆستا بۆچی وا ڕاماوی؟ تۆ دوا تینت دایە سەر ئەو کەرسەکە گڵەی بەدەستەوە بوو و لەنێوان پەنجەکانتدا تەواو ورد و خاشت کرد، بوو بەتۆز و دابارییە بەر پێیەکانت و لەو کاتەدا گوتت:

– کاکە لێم نەگەڕای بەڕاستی لەناو چەندان خەیاڵی جوان و دزێودا تەواو مەست بووم، مەستییەکی ئەوتۆ وادەزانم هەموو ڕووداو و کارەساتەکان هەر ئەمڕۆ ڕوویان داوە. هەر ئەمڕۆ من بووبوومەوە منداڵ.. گەنج.. پیاو و زۆر شتی دی. بووبوومەوە بە و پیاوە ئاوارەی لە جێیەکی دوورەدەستی وڵاتێک کە نە زمانم دەزانین نە شارەزای کولتووریان بووم، ئاوارە و دەربەدەربووم. دەیان ڕۆژ و مانگ، کەسێکم وەگیر نەدەکەوت دوو قسانی لەگەڵ بکەم، دوو سێ دەردە دڵی خۆمی بۆ باس بکەم، یان کەسێک هەواڵێکم لە ماڵ و منداڵ و زێدی خۆم پێڕاگەیەنێ. هەموو ژیانم لەو کاتەدا هەر ئاخ و ئۆف بوو، بەڵام چونکە دیلی ناو قەفەزی خوێن خۆرەکانی وڵاتەکەم نەبووم، هەر بەژیانی پاشایەتیم نەدەگۆڕییەوە.

– دە بەخێر بێیەوە. ژیان لەناو ئەندێشە جوانەکانیشدا لەزەتێکی ڕوحی بەجەستە دەبەخشن و نەفرەتیش بەر ئەندێشە دزێوەکان دەکەوێت.

– ئەرێ قسەی تۆیە. دەمن لە ناو ئەو لەزەتە ڕوحییەدا دەژیم کە ئێستا دەمبینی.

– خۆ ئەوەش کارێکی زۆر پیرۆزە، کەواتە گلەییت لەم چارەنووسەی خۆت نییە؟

– نەخێر ئەوە بۆ من میدالی زێڕە کە چاوم لە دەستی کەس نییە. دەی ئەگەر ئەوە نەکەم چاو لەدەست دەبم، چاو لەدەستیش بۆ من نەنگییە کاکی خۆم، دەی بێژە ئەگەر ئەوە نەکەم، دەبێ چی بکەم؟

– ئەوە بەجێی خۆی، ئەی ئەدی کوا ئەو کەیف و خۆشییەی کە دەیان شیعری جوانی وەک شەنگەبێری پێ گوترا، لەبیرتە کە دەتگوت:

**شەنگەبێری ساڵی ساڵان لە کوێستانان لە نێو مەڕی**
**بۆ مەڕدۆشین هەڵت دەکرد ئەو باسکی سپی مەڕمەڕی**
**لەبەر هاڕەی گۆبەرۆک و گوارە و کرمەک و ژێر چەنە**
**نیوەڕۆیە لەبەر بێرێ کۆری مەڕی ڕادەپەڕی**

– بەڵێ چاکم لەبیرە، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم من ئێستا بەو ژیانەی خۆم زۆر ڕازیم و زۆریشم پێ خۆشە، چونکە من لەجێیەک گوتوومە:

**ژین بە یەخسیری و دیلی بێ کەڵکە**
**بۆیە لەمێژە لە ژینم تێرم**
**گوزەران بۆ من لەناو ئەم خەڵکە**
**سەختە ناخۆشە چۆنی ڕابوێرم**

– دەی ئەو قسانە جۆرێک نا ئومێدی لەخۆ ناگرن؟

– نا من ئێستا تووتنەوانم و شانازیش بە تووتنەوانییەوە دەکەم. شیعرەکانم با بۆ خەڵک بن. دوادەمەکانی ژیانیشم لەگەڵ تووتنەوانیدا دەبەمە سەر گلەییم لەکەس نییە، ئەوەی کردوومە منەت نییە بەسەر کەسەوە، من بڕیارم داوە:

**هەتا هەمبێ هێز و تین دێم و**
**دێم و دێم و دێم..**

ئاشنام بەو ژینە تاڵە تا لە ژیاندا بمێنم، ئەو ئاشنایەتییە بەر نادەم.

**ئابی ٢٠١٨**